# بۆچی بانیخێلآنی له کۆمۆنیستی کریکاری توڕەیه؟

هونەر عەبدوڵا

حكك و ئەزموونی چەواشەكردنی ڕاستییەكان، بابەتێكی یاسین بانیخێلآنیە لە كوردستاننێت، ڕێكەوتی ٢٥-٤-٢٠٠٣ بلاوكراوەتەوە. پێشی هەر شتێك واباش بوو كە بانیخێلآنی لە ڕەخنەی لە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق و ئێران، كەمێك باشتر خۆی ماندوو بكردایەو واوەتر لە خوێندنەوەی تەنیا بەیاننامەیەكی ئەو حیزبە بە سێ زمان چووبایە، بەلاَم دەزانم خوێندەوەی تەواوی ئەدەبیاتی كۆمۆنیستی كریكاریش بۆ ئەو بێخود بوو. چونكە، دیارە بانیخێلانی بۆخۆی پێش وەخت قەراری لە دوژمنایەتیكردنی ئەو حیزبەو ئەو بزووتنەوەیە داوە.

بانیخێلآنی، بەو نووسینەی مەئموریەتێكی ناسیونالیستی خۆی بەجێهیناوە، بەلاَم مەئموریەتێكی فاشیل و سەرنەكەوتوو، ئەو پێی وایە كە شتێكی تازە و نەوتراوی گوتووە، تەواوی قسەكانی ئەو بەرێزە لەمێژە هاوسەنگەرەكانی ئەو خوڵی لە چاوی خەلكی پێدەكەن.

ناسیونالیزم، وەك بزووتنەوەیەكی سیاسی لە كوردستان كە ئالآكەی كوردایەتیە، هەمیشە خۆی بە باوك، براگەورە و نوێنەری تەوای هەموو كورد و هەموو خەڵكی كوردستان زانیوە، بە بێئەوەی ڕێگەیان بەخۆیان و خەڵكی تر دابێ كە پرسیاری ئەوە بكەن كە ئایا ئەو مەشروعیەتەیان لە كوێ هێناوە؟! هەربۆیە، ڕاستبوونەوە و شكلگرتنی هەربزووتنەوەیەكی تر لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەقلیەتی ئەواندا، بە چەواشەكاری و دووژمنایەتیكرنی میللەت و كورد. . . ی لە قەڵەم دەدەن و ئەمەش بۆتە فەرهەنگ و فەلسەفەیان، هەڵبەت ئەمە خاڵێكی هاوبەشی زۆرێكی ناسیۆنالیستەكانی ناوچەكەیە، ئەو تانەو تەشەرانەی بانیخێلانی لە بەرامبەر حكك نەك بەكوردی بەڵكو بە عەرەبی و فارسیش هەن بەلاَم دووژمنایەتی لە گەڵ كورد گۆراوە بۆ دوژمنایەتی لە گەڵ سەروەری خاكی عیراق و ئێران و شەرەفی نەتەوایەتی. .

بانیخیلآنی گەرچی لەوانەیە پێشمەرگەی ئەو حیزبە كوردیانە نەبێت و ئیستا كلاشینكۆفی حەفتاوپێنجی لە شاندا نەبێت، بەلاَم بۆ خۆی لە هەمان سەنگەردایە و كەسێكی دڵسۆز و بە ئەمەكیانە، ڕابەر و مەسئولەكانی ئەوان ئێستا لەبەر پارەپەیداكردن و ڕابوردن لەو كاتەی لەشاخ دابەزیوون كەلیمەیەكیان نەخوێندۆتەو، هەربۆیە كاری پارەپەیداكردن بۆئەوان و كاری تیوەری، فەرهەنگی و رووسپیكردنەوە لەئەستۆی نووسەرانی لە چەشنی بانیخێلآنیە.

بانیخێلانی، تەنیا لاچوونی شكلی ڕژێمی بەعسی لا مەبەستە، ئەوە نازنێت كە بەعسیەت بۆتە كلتورێك و كاریگەری لەسەر ئەقلیەتی دەیانی وەك ئەو داناوە، چونكە ئەو بەپێی ئەو یاسایەی بەعس كە دەڵێت ( گەر لەگەڵم نەبیت ئەوە دوژمنیت) حكك خستوتە قەفەزی تاوانەوە بەو هۆیەی كە ئەو حیزبە وەك باقی هێزە ناسیونالیستە كوردیەكان بەڵێی بە شەڕ نەوت و تەنیا مایەوە. بانیخێلآنی حوكمێكی داوە گەر لەگەڵ شەڕبیت ئەو دۆستیت، بە پێچەوانەوە لەگەڵ بەعسیت، هەڵبەت ئەمە بۆچونی زۆرێك لەو كەسانیە كە وەك

ئەو لۆکاڵی بیردەکەنەوە و تەنیا بەرپێی خۆیان ئەبینن. ئەوان نایەنەویت ڕێگەیەکی تر جیاواز لەوانە ببینن، ڕێگەیەك دژی شەر و ملهوڕیەکانی ئەمەریکا و دژی دیکتاتۆریەتی بەعس بێت لە هەمان کاتدا. بزووتنەوەی دژی شەر، بزووتنەوەیەك نەبوو لە خۆیەوە وەك قارچك هەڵتۆقیبێت، ئەم هێزە بەتایبەت دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت وەك هێزێکی دژی سەرمایەداری و سیستمی نوێی جیهان سەری هەڵداوە لە بەرامبەر هەر ملهوڕییەکی سەرمایەداریدا هاتۆتە وەلآم، هێزی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیەش ڕێکخراوە ڕادیکاڵ و ئینساندۆستەکان بوون، کاری ئەم هێزە هەردوێنیّ بوو لە ولآتی سوید و ئیتالیا و یونان گەورەترین هێزی سەرشەقامەکان بوولە دژی سیاسەتی ولآتانی پیشەسازی لە بەرگری لە حورمەتی ئینساندا، بزوتنەوەی دژی شەڕ سەرەڕای نارۆشنیەکانی و تێکەڵ بوونی ئیسلامی و ناسیونالیستە عەرەبەکان بزووتنەوەیەکی ئینسانی و جیهانی دژی سەرمایەداری بوو، ئەو بزووتنەوەیە بەوان لەکەدارناکرێت، ئەم هێزە دنیای بەخەبەر هێنا و جگەلەوەی فشاری گەورەی لەسەر حکومەتەکان دانا کە پشتیوانی لە جەنگ و کۆمەکی ئەمریکا نەکەن، پەلەی بە هێزەکانی ئەمریکا خست کە شەڕەکە لە کەمترین ماوە کۆتایی پێبێنێت و هەندێ دەست لە خەڵکی سڤیل بپارێزێ. تائەو شوێنەی پەیوەندی بە ویژدانی هونەرمەندان و نووسەرانی جیهان هەیە ئەم جەنگە مەحکوم کرا، بەلآم بە داخەوە زۆر لە نووسەرانی کوردی بە پێچەوانەوە ڕۆژنامە و سایتەکوردیەکانیان پڕکرد لە چەپڵە بۆ ڕۆبۆتە دوورهاوێژەکان کە ولآتێکی کردە کەلاوە. لای کەسانی خوێندەواری لە چەشنی بانیخێلآنی ئەمڕۆ کۆتایی مێژووە و تیوەری خەبات و ڕاپەڕینی خەڵکی بۆتە مێژوو، بەڵکو دەبێت چاوەڕێی ڕامبۆ و جیمس بۆند بکەین کە لایەکی ڕەحمەتمان لێبکاتەوە و ڕزگارمان بکات.

ئەوەی بانیخێلآنی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی دەیڵێت، سەرچاوەکەی کوردستانی نوێی یەکێتە، بانی خێلآنی دەڵێت ئێوە دەنگتان نەهێنا و هەڵبەتە بەو ئەنجامەش خۆشحاڵە، بەلآم نایەوێت بە یەکێتی بڵێت ئێوە تەزویر و فرو فێڵتان کرد کە ئەو کات حکك پێش ڕاگەیاندی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە بەیانی دەرکرد و ئیدانەی کردن لە کاتێکدا نوێنەرانی هەموو حیزبەکانی تر ئەو ڕاستییەیان ئەزانی، بەلآم بێجورئەت بوون و قورو قەپیان لێکرد. هەروەها دەڵێت کە حکك بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، دووبارە ئەم قسەیەی ئەو بەرێزە سەرچاوەکەی ئاشکرایە! ، پیشی هەر شتێك ڕاستی و سیاسەتی دروست بە لایەنگری زۆرینە نیە، بەڵکو کاری حیزبی سیاسی ئەوەیە کە هەوڵبدات زۆرینەی خەڵکی لە دەوری ئەو چەمکە ئینسانی و ڕاستیانە ڕێکبخات. حکك و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان چاوەڕێی ئەوەیان نەکرد بزانێت چەند کەس بەرگری لە مەسەلەی ژنان لە کوردستان وعیراق دەکەن و پاشان دەستبدەنەکار، بەڵکو ئەوان توانیان ئەو مەسەلەیە بکەنە مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگا و لایەنگرانی زۆریشیان کۆکردەوە بۆی. لەلایەکی ترەوە بانیخێلآنی دەتوانی هۆی سەغڵەتبوونی دەیانی وەك ئەو، حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان و موعارەزەی عیراقی بە وەتەنی و کۆنە بەعسیەکانیشیانەوە بڵی لە حکك! حیکمەتی سەرفکردنی ئەم هەموو ئێنێرژیەیان چیە؟ لە حیزبێکدا کە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن. گەر کۆبوونەی خەڵکی لە ئاياری ١٩٩٨ لە ئاکسیۆنی حکك بە ئەقڵی ئەودا ناچێت، ئەوا فلیمی ڤیدیوی نەك ئەو ئاکسیۆنە بەڵکو ساڵی ١٩٩٤ کە ساڵێك

بوو ئەم حیزبە پێکهاتبوو دەتوانێ ببینێت، دەتوانێت پرسیار بکات شوراکانی ساڵی ١٩٩٠ چەند کەسێك بوون یان جەماورێکی گەورە، دەتوانێت داوای وێنەیەکی ئاکسیۆنی شوراکانی سلێمانی بکات لە یەکەم یادی هەڵەبجەدا لە بەردەرکی سەرا. یاخود با بەلاچاوێك داوای مەحکەمەی یەکتی سەیر بکات کە پیش لە خوێن هەڵکێشان و کوشتنی دیلەکانی حکك لە شەقامەکانی سلێمانی کە دای بە مەحکەمەی حکومەتەکەیان لەدژی حکك، کە تێیدا هاتووە حکك خەتەرێکی گەورەی بۆ ناوچەکە هەیە، دەیەوێت کوردستان جیابێتەوە. . . . . . هتد ئایا دەکرێت تەنیا چەند کەسێك خەتەرێکی گەورەبن؟ گەر ئەوان دیموکراتخوازن با واز لە سەرکوتی کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان بهێنن، ئازادی و مافی ڕێکخراوەیی بەڕەسمی بناسن وئەو هێزانەش لە ئیمکانتی کۆمەڵگە بەهرەمەندبن، ئەوکات دەردەکەوێت کە کە ئەوان لە کەمینەیەك بەولاوە هیچێکیترنین.

بانیخێلانی دەلێت:" بۆچی داوای مافەکانی خەڵکی فەلەستین دەکەن، بەلآم کە دێتە سەر مەسەلەی کورد دەیگۆڕن بە ناسیونالیستی".

مەسەلەی فەلەستین، پێش نەوەتەکان بابەتی سەر زاری نووسەران و سیاسەتمەدارنی ناسیونالیستە کوردەکان بوون، هەمیشە بۆ لایەنگرییان لە مافی میللەتان و پێشکەوتووخوازیان بەرگرییان لەو کێشەیە دەکرد، بەلآم ئیستا ڕووی باکە گۆڕاوە، ئیستا سۆزو سیمپاتییان بۆ سیاسەتی پارتاوکردن و ڕاسیزمی شارۆن زیاترە وەك لە خەڵکی مەحروومی فەلەستین، هەلبەت هۆکەشی ئاشکرایە ئەمڕۆ ئەوەی پێی دەلێن شۆڕش، خەبات، ئیمپریالیزم. . . لای ئەوان مێژوویان بەسەرچووەو ئەمرۆ سەردەمی دیموکراسی و بازاڕی ئازادە، لە لایەکی ترەوە بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر خۆی بە سیاسەتەکانی ئەمریکا گرێداوەتەوە کە بەرژەوەندیکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا لە ئەولەویەتی کاریاندایە. حکك بەرگری لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین کردووە و داوای دەوڵەتی سەربەخۆیشی کردووە بۆیان و چەندین کاریشی ئەنجام دا، هەربەو شێوەیەش لە بەرامبەر مەسەلەی ستەمی میللی لە کوردستاندا وەلأمی درووستی داوەتەوە و خواستی جیابوونەوەی کوردستانی ڕاگەیاندووە. ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی لە یەکپارچەییی خاکی عێراق گرنگتر و پیرۆزترە، یەکپارچەییەك کە بەنرخی پلە دوویی و چەوساندنەوەی بەشێکی بەرچاوی خەڵك بێت پیرۆز نەبووە لای حکك، بەلآم ئینساف کەمێك باشە. . ئایا؟، ئەوە حکك بیە کە سوێندی بەیەکپارچەیی خاکی عیراق خواردووە یان ڕابەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی کە هەموو جارێك لە سوریا، ئێران، تورکیا، ئەمەریکا، لای ئۆپۆزسیونی بێسەر و بەری عیراقی و کۆنە بەعسیەکان حەوت چەپوك بە قورئانی عەزیمدا ئەدەن کە یەکپارچەییان ئەوێ. ئەوە ئەوان بوون لە قسەکانی دوینێی شاخیان پەشیمان بوونەوە بە سەدامی دیکتاتۆریان ئەوت سەرۆکی عێراق، شیعاری ڕوخانی ڕژێمیشیان لە کولەکەی تەڕیشدا نەما، ئەوە ئەوان بوون دەیان جار لە سەر دانی چەند کورسسیەکی مەجلیسی تەشریعی بەرەی نیشتمانییان لە گەڵ ئەو ڕژێمە پێکهێنا و چەندین جار هێنایانە سەر ورگی خەڵکی کوردستان، ئەوە سالێك تێنەپەڕیوە بەسەر یادکردنەوەی سوپای عیراقی (سوپای سەدام، سوپای ئەنفال و کوشتار) لە لەیەن یەکێتی نیشتیمانیەوە !

عێراقچێتی، بەو مەفهوومەی کە تۆ بەکاری ئەهێنیت کە بیرێکی شۆڤێنی عارەبیە، ئەوە باشترە ئەو قسەیە لە پیشدا بە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی بڵێیت، ئەوە پێشتر مللی ئەوان ئەگرێتەوە، حکك نەعێراقچێتی، نە کوردستانچێتی و هەولێر و سلیمانچێتی ئەکات، ئەو حیزبە بە شێوەیەکی تایبەتی لە جوگرافیایەکدا هەڵسوڕانی سیاسی دەکات کە عێراقە، زۆر ئاسانە و پێویست بە هیچ ڕاوەرگرتنێکی ئەندامانی ئەو حیزبەش لە لایەن ڕابەرایەتیەکەیەوە ناکات کە حیزبی کوردستاننیان ئەوێت یان عێراقی (وەك تۆ ئەڵێت) ، لە هەر فرسەتێکیشدا هەلومەرجی پێکهاتنی ئەو حیزبە لە کوردستان هاتە پێشەوە بێگومان و هیچ دوو دڵییەك درووستدەکرێت کە هیوادارم ئەو مژدەیە ببیستیت.

تائەو جێگایەی دەگات بە گللەیی بانیخێلانی، کە حکك یەکی ئایار بە موڵکی خۆی ئەزانێت. . یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی و هاوپشتی کریکارانە، ڕۆژی خەباتە لە دژی سیستمی کاری کرێگرتەیە، ڕۆژی هاوپشتیە بەڕووی سەرمایەدارن و حکومەتەکانیان، هەر بەو هۆیەش ئەم ڕۆژە موڵکی هەموو ئەو کەس و لایەنانەیە کە لەو پێناوەدا تێدەکۆشن وەك حکك، هەروەك چۆن جەژنی قوربان، ڕەمەزان و ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقی کەسانێك بە موڵکی خۆیانی ئەزانن! هەڵبەت جێگەی خۆشحاڵی بوون بوو کە بانیخێلانیش شەڕی ئەوەی بکردایە کە بەشی ئەو لەو جەژنەدا خوراوە و گللەیی ئەوەی بکردایە کە نایەڵن خەبات دژی سەرمایەداری و بەرگری لە کرێکاران بکات، بەڵام ئەو هیچ لە جێگەیەکی نووسینەکەیدا نەهاتبوو؟

تادەگات بە فرمێسك هەڵڕشتن بۆ کەرکوك، حیزبە دەستەلاتدارەکانی کوردستان خەمی هەریسەکەیانە و ئەوەی لایئەوان مەبەست نەبوو خەڵکی کەرکوك و ئاوارەکانی بوو، ئاوارەکانی کەرکوك ئەو ئینسانانە بوون کە سیمای ئاوارەیی، ڕەنگی زەردی منالەکانیان، چادرنشینی پیناسیان بوو لە سایەی حاکمیەتەکەیاندا، لە کوردستانێکدا خاوەنی مافی هاولاتی نەك دەرەجە دوو بەڵکو سێ و چواریش نەبوون. لە ولاتیکی وەك سوید کە پەنابەران زۆرییان لە گەڕەکی تایبەت بە پەنابەران ژیان بەسەردەبن هەمیشە دەولەت بە ڕاسیزم دەدریتە قەلەم، خۆ گەر حکومەتەکەی کوردستان لە هەزاردا یەك بەشی بۆ ئەو پەنابەرە هاوڕەگەزانە بکردایە، ئەوسا دەمان وت بۆ هەریسەو پارووەچەرەکە نیە. خەڵکی کەرکوك دەبێت تەواوی زەرەرو زیانێك کە لیێان کەوتووە حکوومەتی داهاتوو قەرەبووی بکاتەوە، نەك دەستدانە پەنا بردن بۆ ڕیگاچارەی تاکەکەسی، کێشەی کەرکورك کێشەیەکی سیاسیە و دەبێت سیاسیانە وەلام وەربگرێتەوە.

بانیخێلانی، دەلێت ( کاتێك قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا دامەزراو تا ئەوکاتەش لە ئەڵمانیا نازییەکان ناچاری ئاوارەیی کردن، ئەوان هەر خەریکی لکۆڵینەو خوێندنەوە نوێ بوون لەسەر ماکسیزم بە شێوەی حکك هێرشیان نەدەکردە سەر کۆمەڵگای ئەڵمانی، کە زۆربەیان بووبوون بە لایەنگری نازییەکان. . . . .) بانیخیلانی گەر ئامۆژگاری کۆمۆنیستەکان دەکات و دەیەوێت حکك وەك سەدەی پیشوو شیویعیەکانی ئەڵمان بکەن، لەماڵەوە پەردە دابدەنەوە و بۆ خۆیان بە ئارەزووی دڵی خۆیان کتێب بخوێننەوە کاریان بەسەرکۆمەڵگەوە نەبێت و گەر پیویستیشی کرد ببنە لایەنگری بەعس یاخود هەرحیزبێکی قەوم پەرستیتر

ئەوە ئەو ئامۆژگاریە بنێرێت بۆ حیزبی شیوعی عیراق یان کوردستان چونکە ئەوان لەو کارە قارەمانیانەیان زۆر بووە.

تا ئەو جێگەیەی دەگەرێتەوە بۆ ناحالیبوونەکانی بانیخێڵانی سەبارەت بە بەرگری لە موجاهیدینی خەلقی ئێران. . کۆمۆنیزمی کریکاری لەو رۆژەی ئەم باندە لە جمهوری ئیسلامی جیابوونەتەوە وەك حیزبیکی کۆنەپەرست و خەتەرناك پیناسکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەلێك ئەدەبیاتی زۆر لە رەخنە لە کۆنەپەرستی ئەو باندە لەبەردەستدایە. بەلآم تائەو جێگەیەی دەگات بە کوشتنی بە کۆمەڵی ئەو جەماعەتە بە منالّ و خیزانەکانیان مەحکومکردنی کارێکی ئینسانیە. گەر قسە لە تاوانکاری ئەوباندەیە بۆچی داوای دادگایی کردنی سەران و سیاسەتدارێژەرانی لە ئارادانیە، ئایا ئیبادەکردن کارێکی راست و وەلآمێکی سەردەمانەیە؟ موجاهیدین لە گەرمەی شەری ئێران و عێراق بوونە بەشێك لە سوپای عیراق، کەوتنە پێشەوەی سوپای عێراق بۆناو قولآیی خاکی ئێران، هەروەك چۆن یەکێتی پارتی بوونە بەشێکی ئەو شەرەو پێشی سوپای ئێران کەوتن بۆ قولآی عێراق بۆناو کەرکوك بۆ هەلّەبجە و پاشان ئاکامە زیانبارەکانیشیمان بینی لە ئەنفال و کیمیایی بارنی هەلّەبجە، بەشداری ئەوان لە کوشتاری ئۆپۆزسیونی ئێرانیدا کەم نەبوو، مەگەر ئەوە قیادە موەقەتەی پێشوو و پارتی ئەمرۆ نەبوو راپەرینی خەلّکی کوردستانی ئێرانیان خەلّتانی خوێنکرد لەگەلّ هێزەکانی جمهوری ئیسلامی یاخود دەستکێشکردنی لەشکری سەدام بۆسەر هەولێر. . . ئەمانە هەموو تاوانن و دەبێت تاوانباران بخرێنە بەر دادگای عەلەنی. من بێگومانم گەر بۆ ساتێك لە قاوغی ناسیونالیستی خۆت بێیتە دەرەوە هەمان ئەم حوکمە بەسەر هەموویاندا وەك یەك دەدەیت.

حکك و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئەو بزووتنەوەیە کە بناغەکەی ئینسانە و بناغەی ئەم رەوەندەش مارکسسیزمە. گەر لە کوردستان باسی سەرگەردانی سیاسی بکەیت، بەرگری لە مافەکانی کریکاران و ژنان بکەیت، باس لە مۆدیرنیزم و سکولاری کۆمەلّگە بکەیت، دەلّێن" تۆ کۆمۆنیستی" نالّین تۆ یەکێتی، پارتی یاخود حیزبی شیوعیت، ئەم پێناسە سیاسیە ناتوانرێت بە کەسانی نەخوێنەوار بەدەستبهێنرێت. . هەلّبەت گەر نەخوێندەواری ئەمە بێت ئەوە کەلّکی نەخوێنەوارانی لەو چەشنە بۆ کۆمەلّگە گەلێك زیاترە لە خوێندەوارانێك کە بە بالآی بۆش و بلێردا هەلّدەدەن و ئەمریکا بەفریشتەو رزگارکەر دەدەنە قەلّەم و بەخواستی دلّی ئەمریکا عێراق بۆ قەوم و دینەکان دابەش دەکەن و قسەیەك لەچینەکان ناکەن، بەلّێ نەخوێندەوارانی وەها زۆر کەلّکیان زیاترە لەو خوێندەوارانەی کە لە هەموو سلبیاتێکی کۆمەلّگەی کوردی بێدەنگن بەو دەلیلەی وێنەی فۆتۆگرافی کوردی لەدەرەوە پێلەکەدار ئەبێت.

١ی‌ئایاری٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربرینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.